**کۆنفرانسی بە قانوونی ناساندنی**

**ئەنفال و هەڵەبجە وەک جەنەساید لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا**

**لەندەن، 16 مارتی 2008**

**دەستەی کارای ئەنفال و هەڵەبجە**

---

# کۆنفرانسی
# بە قانونی ناساندنی
# ئەنفال و هەڵەبجە وەک جەنەساید لە کۆمەڵگای نێو نەتەوەییدا

**کۆنفرانسەکە:** کۆنفرانسێک لە 16 مارتی 2008، لە یادی 20 ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، ڕێکدەخات، کە تێیدا کۆمەڵێک کەسایەتی پسپۆر و شارەزا لە بواری جەنەساید و ئەتنۆساید (پاکتاوی ڕەگەزی و ئەتنیکی) بەگشتی و بەتایبەتیش لە بواری قانوون و پەیوەندی نێودەوڵەتیدا بەشداری تێدا دەکەن.

**ئامانجی کۆنفرانسەکە**: کۆنفرانسەکە دەستپێک دەبێ بۆ ناساندنی قانوونی ئەنفال و هەڵەبجە وەک جەنەساید لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیدا.

**تەوەرەکانی کۆنفراسەکە**: گفتوگۆکانی کۆنفرانسەکە لە سێ بواردا کۆدەکرێنەوە:

- چۆنیەتی دەرس وەرگرتن لە ئەزمونی ئەو گەلانەی کە جەنەسایدیان لەدژ ئەنجامدراوە. ئایا کام لایەنەی ئەزموونی ئەم گەلانە لە بە قانوون ناساندنی جەنەسایدی نەتەوەی کورددا کەڵکیان لێوەردەگیرێن؟ بە قانوونی ناساندنی جەنەسایدی نەتەوەی کورد بڕیارێک دەبێ لەلایەن دەستگایەکەوە، کە دەکرێ بڕیاری دادگایەکی دەوڵەتی یان نێودەوڵەتی بێ؛ بڕیاری پەرلەمانی وڵاتانێکی دیموکرات بێ وەک پەڕلەمانی بەریتانیا و سەنەتی ئەمەریکی؛ بڕیاری دەستگایەکی نێودوەڵەتی بێ وەک ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یان پەڕلەمانی یەکێتیی ئەورووپا.
- دەستنیشانکردنی ئەو قانوونە نیشتمانی و نێودەوڵەتیانەی کە سوودیان لێوەردەگیرێ بۆ ناساندنێکی قانوونی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە دژی نەتەوەی کورد وەک جەنەساید.
- ئەو بەڵگانە کامانەن کە گەلی کورد پێویستیانە بۆ ئەوەی جەنەسایدی کورد لەو دەستگایانەی کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا بە جەنەساید بڕیاری لەسەر بدرێ. ئەم بوارە جەختی لەسەر چۆنیەتی دیاریکردن و ناساندنی هەموو ئەو بەڵگانەن کە دەکرێ لە دەستگاکاندا بە بەڵگەی قانوونی بژمێردرێن و سوودیان لێوەربگیرێ.

پلانی داهاتوو: کۆنفرانسەکە هەنگاوی یەکەم دەبێ بۆ داڕشتنی پلانێکی تۆکمەی درێژخایەن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئامانجانەی کە داڕێژراون.

**ڕێکخراوەکە**: دەستەی کارای ئەنفال و هەڵەبجە کۆنفرانسەکەی ڕێکخستووە. ئەم دەستەیە سەربەخۆ کار دەکات، لە کەسانێکی کارمەند پێکهاتووە کە لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا شارەزان و بۆ ئامانجە دیاریکراوەکانی ڕێکخراوەکە لە کاردان.

تکایە بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەو ئەدرەس و ئیمایل و ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە:

ئەدرەس: The council chamber, The Royal Borough of Kensington and Chelsea Town Hall, Horton street

کۆنفرانسی بە قانوونی ناساندنی
ئەنفال و هەڵەبجە وەک جەنەساید لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا
لەندەن، 16 مارتی 2008
دەستەی کارای ئەنفال و هەڵەبجە

---


London W8 7NX

Email: anfalwg@googlemail.com,

Tel:
07761728041 یان 07709435998